وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران گەیاندنەوەی زیاتر لە هەزار ئاوارەی ئێزیدی بە شنگال راگەیاند

ئەمە چوارشەمە، ئیڤان فایق جابر، وەزیری کۆچ و کۆچبەران ، گەیاندنەوەی زیاتر لە هەزار ئاوارە ئێزیدی بە ناوچە ڕەسەنەکانی نیشتەجێبوونی خێیان لە قەزای شنگال ڕاگەیاند. جابر لە ڕاگەیەندراوەکدا رایگەیاند: "هەزار و 150 ئاوارەی ئێزیدی بەشێوەیەکی خەبەخشانە لە کەمپەکانی ئاوارەیی لە پارێزگای دهۆك گەڕێنرانەوە بە ناوچەی نیشتەجێبوونی ڕەسەنی خێیان لە قەزای شنگال".

ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەو قەزا و گوندانە بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان و حکومەتە خۆجێییەکان لە هەردوو پارێزگاکە و فەرماندەیی ئێپراسیۆنە هاوبەشەکان ئەمنیان پێکرا". هەروەها دووپاتی کردەوە کە "وەزارەت ئاگاداری گواستنەوەی کێلوپێلەکانیان بووە لە کەمپەکانەوە بە ناوچە ڕەسەنەکانیان ، ئاماژەی بەوەشکرد "ڕەژانی داهاتوو گەیاندنەوەی خەبەخشانەیەکی دیکەی ئاوارەبوونەکانی کەمپەکانی دهۆك بە ناوچەکانی خێیان لە شنگال بەخێوە دەبینی".